# گەڕانەوەی هەیبەتی کورد و لەخۆباییبوون

25-11-2019

**نووسەرەکان**

ئاکۆ محەممەد

**کورتە :**

https://rudawrc.net/sorani/article/geranewey-heybeti-kwrd-u-lexobayinebuwn#:~:text=%D9%87%D8%A7%D8%AA%D9%86%DB%8C%20%D9%85%D8%A7%DB%8C%D9%83%20%D9%BE%DB%8E%D9%86%D8%B3,%D9%83%DB%8E%D8%B4%DB%95%DB%8C%20%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%20%D8%AF%DB%95%D9%83%DB%95%D9%86%E2%80%9D.

ئاکۆ محەممەد

هاتنی مایك پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ هەولێر و نەچوونی بۆ بەغدا، خەڵك و بەرپرسان لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە زۆریان لەسەر گوت و شرۆڤەکارانیش لە داهاتوودا زیاتری لەسەر دەڵێن، بەڵام بەشێکی ئەو سەردانە لە لێدوانی "بەرپرسێکی پلەبەرز"ی ئەمریکادا بۆ ئاژانسی (ئەسۆشێیتد پرێس) پوخت دەبێتەوە کە گوتوویەتی سەردانی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ هەولێر " ئامانجەکەی دڵنیاکردنەوەی کوردە هاوپەیمانەکانی ئەمریکای دژی داعشە، هەروەها دڵنیاییدانە بەو ئەمریکیانەی ماوەیەکی درێژە پشتیوانی لە کێشەی کورد دەکەن".

بەشەکەی دیکە ئەوەیە، ئەمریکا لە دۆخی عێراق و شێوەی بەڕێوەبردنی عێراق رازی نییە. لەبەرئەوەش پەیامەکانی جێگری سەرۆکی ئەمریکا لەعێراق و لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەیدا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق زیاتر داواکاری بوون و کەمتر پشتیوانی بوون. بەڵام پەیامەکانی لە کوردستان تەواو پێچەوانە بوون.

ئەمریکا زۆر خوێن و پارەی بۆ عێراق خەرجکرد، بەڵام عێراق بووە نموونەیەکی شکستخواردوو، بەرهەمهێنەری مەترسیدارترین رێکخراوی تیرۆریستی بۆ جیهان. دۆخی عێراقیش بە مۆدێل و بەڕێوەبردنێکی زۆر خراپەوە بووە مایەی ئەوەی کە تەنانەت بە پێداگیری زۆری حکومەتی ئەمریکاش، کۆمپانیا نەوتی و کۆمپانیا جۆراوجۆرە ئەمریکییەکان ئەو متمانەیەیان بۆ دروست نەبوو کە عێراق ئەو شوێنەیە بتوانن تێیدا کاربکەن و عێراقی ئێستا بکەنە هاوبەشی ئابووریی خۆیان، چونکە وڵاتێکی شڵەژاو و نائارامە و نەبووەتە هاوبەشی سیاسی ئەمریکا و رۆژئاوا.

کورد لەم ناچەیەدا بۆ خۆپاراستن لە دەست کۆمەڵکوژی و چەوساندنەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە پەنای بۆ دەرەوە بردووە و چاوی لە پاراستنی دەرەوەیە. لەوانەیە زۆرجار سەرۆکەکانی ناوچەکە و سیاسییەکانیان ئەوەیان وا لێکدابێتەوە کە کورد بووەتە داردەستی بێگانە و کارتی دەستی وڵاتان لە دژی دەوڵەتانی ناوچەکە. بەڵام بەر لەو قسەیە، دەبێ ئەو پرسیارە بکرێت بۆچی کۆنترین نەتەوەی ئەم ناوچەیە چاوی لە پاراستنی دەرەوەیە؟. لە باشووری کوردستان چوار هەزار گوند وێرانکران بە مزگەوتەکانیانەوە، بەڵام بە پاراستن و پشتیوانی وڵاتانی رۆژاوایی ئەو گوندانە بە مزگەوتەکانیانەوە ئاوەدان کرانەوە، ئەوانەی ئاوەدانیش نەکراونەتەوە بەهۆی قبوڵنەکردنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و چارەسەرکردنێکی سیاسیانەی کێشەی کوردە لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە.

لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا، بە ستراتیژێکی هاوبەش، دەسەڵات و هەیبەتی کورد تێکدەشکێنرا، دەست بە گۆڕینێکی دیمۆگرافی لە دژی کورد کرا، بەمەبەستی نەهێشتنی دەسەڵاتدارێتی و گۆڕینی ناسنامەی جوگرافی و لەهەموویشی مەترسیدارتر بۆ شکاندنی هەیبەتی کورد.

ئەو ستراتیژە رەنگدانەوەیەکی زۆر خراپی بەسەر دۆخی کەمینەکانی کوردستانیشەوە هەبووە، چونکە ئەو ناوچەیە کە لەمێژوودا مۆزایکێکی هەمەڕەنگی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان بوو، هەمووی لەنێوبرا، ئەوەی ماوەتەوە تەنیا لە ناوچە کوردییەکاندایە، ئەویش بەهۆی ئەو ستراتیژە ناوچەییەوە لەژێر هەڕەشەیەکی زۆر گەورەدایە و، لە دواڕۆژدا مەترسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەر ئاسایشی جیهان زۆر زیاتر دەکات.

کە کۆشکی سپی دەیەوێت دڵنیایی بداتە ئەو " ئەمریکیانەی ماوەیەکی درێژە پشتیوانی لە کێشەی کورد دەکەن"، نیشانەی ئەوەیە پشتیوانی کورد ئەوەندە فراوان بووە، گەیشتووەتە رادەی کاریگەرییەکی زۆر بە دەسەڵات و تاڕادەیەکیش دەکرێ ببێتە مژارێکی دیاری ململانێی نێو هەڵبژاردنی سەرۆکەکان، کە ئەوە پێشکەوتنێکی زۆر گەورەیە. بەڵام دیسانەوە دەبێ ئەوە وانەکات کورد هێوریی خۆی لەدەستبدات و لەخۆبایی ببێت، چونکە هێشتاش لەو جیهانەدا ئەوانەی رێکدەکەون دەوڵەتەکانن نەك نەتەوەکان. لەبەرئەوەش دەبێ کورد بەهێزبوونەوەی پێگەی سیاسی خۆی بۆ رێککەوتن لەگەڵ پایتەختی ئەو دەوڵەتانە بەکاربێنێت کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە. لەهەمانکاتدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتان و گەلانی جیهان بەهێزتر بکات.

قسەکانی مایك پێنس جێگری سەرۆکی ئەمریکا دوای سەردانەکەی بۆ هەولێر، زۆر جێگەی سەرنج بوون لە زۆر رووەوە، بەڵام ئەوەی کە دڵنیاییەکەی لە هەولێر و لە "رێگەی سەرۆك بارزانییەوە" بۆ هەموو کورد و، ئەو " ئەمریکیانەی ماوەیەکی درێژە پشتیوانی لە کێشەی کورد دەکەن" و جیهان نارد، خاوەن گرنگی و واتایەکی زۆر گەورەیە. ئەوە بۆ هەولێر و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش، بەبیرهێنانەوەیەکی تازەی ئەرکێکی گەورەیە. ئاستێکی زۆری ئاوەدانی و سەقامگیری سیاسی و رێککەوتنی سیاسی نێوان لایەنەکانی هەرێمی کوردستان، هەولێری لە بەغدا جیاکردووەتەوە. ئەوە دەبێ بۆ رۆژاوای کوردستانیش پەیامێك بێت کە دەبێ لایەنە سەرەکییەکانی بە ناسنامە و بەبڕیاری خۆیان و بەبێ دەستێوەردانی دەرەوەی کورد، رێککەوتنێکی سیاسییان هەبێت، بۆ ئەوەی کارکردن لەگەڵیان بپەڕێتەوە بۆ کارکردنێکی سیاسی نەك تەنیا سەربازی. هاوپەیمانیی دژی داعش، ئێستا پەیامەکانی خۆی لە رۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریا بە کوردی بڵاودەکاتەوە، بەڵام پەیامی سیاسی ئەمریکا بۆ کورد لە رۆژئاوای کوردستان هێشتا بە ئاشکرا نییە.